# ماتەم و مالیخۆلیا لای فرۆید




وەرگێڕان و ئامادەکردن: دانا محەمەد

**پێشەکیی وەرگێڕ:**

ئۆبێکتەکـانی ئـارەزوو کە مـرۆڤ ئارەزوویانـدەکات و دەیانکـات بە هـی خۆیـان، یـان دەیەوێت بیکات بە هی خۆی، ئۆبێکتی ئارەزووی بێلایەن نین و مـرۆڤ پەیوەنـدییەکی بەردەوامی ئاگایانە و نەستەکی(نائاگایانە)ـی هەیە لەگەڵیـان، ئۆبێکتەکانیش(مەعشـوق، کەسی نزیک ، ئایدیاڵێک ، نیشتیمان و زۆر شتی تر دەگرنەوە).

ئیتر ئۆبێکتەکان واقیعی بن یان نا دوورەدەست بن یان نزیک، ڕەپتێکی وجودی، واتایی، دەروونی، بایۆلۆژییانەی بەژیـانی سـوبێکتەوە هەیە، سـەرچاوەی چێـژ و خۆشـبەختی و ئارامی و تـرس و نیگەرانـی و ئـازارن بـۆ سـوبێکت. ئۆبێکتەکـانی ئـارەزوو فەنتازیـا بـۆ سوبێکت درووستدەکەن، بـۆ بەردەوامیـدان و ڕێکخسـتنی پرۆسـەی ئـارەزووکردن و وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناوکە ڕەقەکەی واقیع کە بریتییە لە "***ڕیاڵ***"، و خۆگونجانـدن لەگەڵ تراوماکـانی ژیـان، هەروەهـا سـەمپتۆمەکانی سـوبێکت دەڕەوێنـنەوە و تەقەڵڕێـژی دەکەن، شـوناس و پـێگە و بەهـای ڕەمـزی بە سـوبێکت دەبەخشـن، بـۆیە پچرانـی پەیوەنـدیی ئەبەدیـی سـوبێکت لەگەڵ "ئۆبێکتەکـان" کـاری نەکردەیە، بە مردنی ئۆبێکتیش، ئەوا کەسێکی تر دەخاتە شوێنی ئۆبێکـت و جێگـۆرکێی پـێ دەکـات، کاتێـک سـوبێکت پەیوەنـدییەکەی لەگەڵ ئـۆبێکتی ئـارەزوو، تەگەرەی تێـدەکەوێت یـان دەپچرێـت، ئیـدی فەنتازیاکـانی سـوبێکت درزی تێـدەکەوێت تـا هەڵوەشـاندنەوەی و شوناسـی دەکەوێـتە مەترسییەوە، بـۆیە بە لەدەسـتدانی، سـوبێکت بـاجی گەورەی دەروونـی و وجـودی دەدات و شـیوەندەگێڕێت بـۆ مردنـی ئـۆبێکتی ئارەزوو، هاوشێوەی حاڵەتی "ماتەم" کە فرۆید لە شاکارەکەی خۆیدا "مالیخولیا و مـاتەم"

باسیکردووە(فرۆید "لەدەستدانی" ئۆبێکتی ئـارەزووی لەڕێـی چەمکـی مالیخولیـا و مـاتەم خسـتۆتەڕوو، کە بونیـادێکی دەروونیـین، مـرۆڤ تووشـی دەبێـت لەدوای لەدەسـتدانی ئۆبێکتی ئارەزوو، هەروەها دیاردەیەکی گەردوونیشن)

ماتەم یان ماتەمگێڕی، ئەو دۆخ و حاڵەتە دەروونی و ئۆنتۆلۆژییەیە، مـرۆڤ تێیـدەکەوێت پـاش لەدەسـتدانی بـابەتی ئارەزوو(مەعشـوق، کەسـی نزیـک)، نیشانەکانیشـی ئەمـانە دەگـرێتەوە (خەمـۆکی نیگەرانـی بـێ ئومێـدی تـرس و دڵەراوکـێ نەمـانی ئـارەزوو بـۆ جیهانی دەرەوە ، هەستکردن بە بەتاڵی و هەژاری) لە ماتەمـدا، لیبیـدۆ لەسـەر بـابەتی ئارەزوو چەقیوە، ناتوانێـت وزەی دەروونیـی لەسـەر خەرجبکـات، لەدەسـتدانی بـابەتی ئارەزووەکە ئاگایانەیە، هەڵناکشێت بۆ لەدەستدانی نەستەکی، مـاتەم حـاڵەتێکی ئاسـایە، پێویستی بەدەروونشیکار نیە، دوای ماوەیەکی کەم برینەکە سارێژدەبێت، مرۆڤ کەسێکی نوێ دەخاتە جێگەی بابەتی ئارەزوو.

بەڵام ئەگەر بـابەتی ئـارەزووەکە پـێگە و بەهـا و خۆشەویسـتییەکی زیـاتری هەبووبێـت لەوەی مرۆڤ پێـی زانیبێـت، زیـاتر ڕیشـەی داکوتابێـت لە نەسـتی مـرۆڤ، تەقەڵڕێـژی سەمپتۆمەکانی سوبێکتی کردبێت، ئەوا لەدەسـتدانی بـابەتی ئـارەزوو درێژەدەکێشـێت و مرۆڤ ناتوانێت بـابەتی نـوێ بخـاتە جێگـای و دەبێـتە هـۆی مالیخولیـا (لەدەسـتدانی نەستەکی)، فرۆید لە دەقەکەی زیاتر سەرنج دەخاتە سەر **مالیخۆلیا**(میلانخۆلیا).

مالیخۆلیـا هەمـان نیشـانەکانی مـاتەمی تیـایە، لەگەڵ هەنـدێ تایبەتمەنـدیی زیـاتر، لە مالیخۆلیـا، مـرۆڤ شـتێکی زیـاتر و تەمـومژتری لەدەسـتداوە لەوەی وێنـای کردبـوو و

نازانێت بەڕوونـی چیـی لەدەسـتداوە، لەدەسـتدانی بـابەتی ئـارەزوو هەڵدەکشـێت بـۆ هەژاربوون و وێرانبوونی ئیگۆ، لەدەستدانی رێزلەخۆگرتن(دابەزینی عیزەتی نەفس بە مانا کلاسیکەکەی)، فرۆید جیاوازییەکی گرنگ دەخاتە نێوانیانەوە [لە ماتەم دا جیهان هەژار و بەتاڵبووە بۆ مرۆڤ، لە مالیخۆلیادا ئیگۆ هەژار و بەتاڵ بـووە]. لە مالیخۆلیـادا ، ئیگـۆ ڕێگا بە لەدەستدانی مەعشوق نادات، بەڕێگای هاوشوناسی نارسیسـتانە، پەیوەنـدییەکەی بە مەعشوقەوە دەپارێزێت، ئیگۆی کەسی مـالیخولی دووکەرتـدەبێت و بەشـێک لە ئیگـۆ دادوەری و سەرزەنشـــتی بەشـــەکەی تـــری دەکـــات، دەرئەنجامەکـــانیش هەر لە دەروونپەشـێویی کورتخایەن(مانیـا) و دواتـر چـاکبوونەوەی کەسـی مـالیخۆلی یـان دەروونپەشێویی یەکجارەکی تا خۆکوشتنی کەسی مالیخۆلی و کوشتنی مەعشوق کـراوەن (زۆرن ئەوانەی دوای مردنی مەعشوقەکەیان خۆیان دەکوژن، یان کاتێک مەعشوق وازیـان لێدەهێنت ئەیکوژن)، بەپێی لاکان کەسی مالیخۆلی ئۆبێکتی بچووکی a لەدەستدەدات، ئۆبێکتێکی ئاسایی نیە، ئۆبێکتێک سەنتراڵ و زۆر هەستیاری دەروونی سوبێکتە، هۆکـاری بەردەوامبوونی پرۆسەی ئارەزووکردنە و بەجۆرێک "خاڵی داکوتان"ـی دەروونی سـوبێکتە، لە مالیخولیادا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت [ئۆبێکتەکان لە نەستدا نەمـرن و پاکانەحیسـابی مرۆڤ لەگەڵیان کۆتـایی نـایەت]، فرۆیـد ئامـاژەی بەوە کـردووە پـاش سـاڕێژبوونەوەی مالیخۆلیا، ئەگەری گەڕانەوەی چەپێنراوەکان هەیە یان "زیادەیەک" لە سەرفبوونی لیبیدۆ دەمێنێتەوە، هۆکاری دووبارە سەرهەڵدانەوەی مالیخۆلیا یان "مانیا"یە، هەروەها هۆکـاری پشت زۆر دیاردە و ڕەفتاری مرۆڤە وەک چوونی مرۆڤ بـۆ نـاو گـرووپە ئایـدۆلۆژییەکان، بەجۆرێــک ســەرکردە، ڕابەر، مامۆســتای ڕۆحــی، دەبێــتە جێگــرەوەی بــاوک یــان

مەعشوق.کەسی ماليخۆلی پاش لەدەستدانی مەعشوقیش، کاتێک مەعشوق ببيبنێتەوە دڵـی ترپەدەکـات بـۆ مەعشـوق و هاوکـات ڕقیشـی لـێ دەبێـتەوە و ئـارەزووی مەرگـی بـۆ دەخوازێت چونکە بەجێی هێشتووە، ئەم دوو هەستە بەردەوام دەبن پێکەوە.

**دەقەکە:**

فرۆیـد دیـاردەی مـاتەم لەپـاش لەدەسـتدان و مردنـی کەسـی خۆشەویسـت و نزیـک، بەراورددەکات بە "ماليخۆليا/خەمـۆکی". فرۆیـد ڕوونیکـردەوە، هەردوو دیـاردەکە هەمـان شوێنەواری لەسەر سوبێکت هەیە، هەردووکیان بەرئەنجامی هەمان کـاریگەریی ژینگەیـین [هەردووکیان هۆکـارەکەی لەدەسـتدانی ئـۆبێکتی خۆشەویسـتی(عەشـق)یە کە بەهـاکەی جیایە لە ئۆبێکتەکانی تـر، ئـۆبێکتێکی هەسـتیار و بایەخـدارە و پەیوەنـدییەکی قـووڵیی سۆزداری و ئەڤینـی و وجـودی لەگەڵ سـوبێکت هەیە، ئـۆبێکتی لەدەسـتچوو بـریتیە لە ئایدیاڵێک یان مەعشوق یان کەسی نزیک، لەدەستدانی دەبێتە هۆی خەمۆکی، بێهیـوایی، ئازاری قووڵ و نەمانی ئارەزوو بـۆ جیهـانی دەرەوە]. قەدەغە لەسـەر ئیگـۆ و قوتـدانی ئیگۆ، نەمانی حەز و ئارەزوو بۆ جیهان بەیەکسانی گەواهیدەری "ماليخۆليا و ماتەم"ــن. سەرەڕای خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیـان، فرۆیـد ئامـاژەی بەهەنـدێ جیـاوازیی بنچینەیـی کــردووە لەنێــوان مــاتەم و ماليخۆليــا، "مــاتەم" بەوە دەناســرێتەوە کە پرۆســەیەکی تەندرووستە [واتە نەخۆشی نیە]، نۆرماڵە و پێویستە بۆ چاکبوونەوە و باشبوونی سوبێکت

لەپــاش لەدەســتدانی ئــۆبێکتی خۆشەویســتی؛ پێویســتی بە چارەســەریی پزیشــکی و دەستوەردانی دەروونشیکار نیە [خەمـۆکی و دڵتەنگـی و بێهیـوایی و نەمـانی ئـارەزووی کەسی "ماتەمگێر"، پاشماوەیەک و بەبێ دەستوەردانی دەروونشیکار ئەگەڕێـتەوە حـاڵەتی نۆرمـاڵ، لەدەسـتدانەکە نـابێتە نەسـتەکی، ئـۆبێکتی لەدەسـتچوو، "خـاڵی داکوتان"ـــی سـەمپتۆمەکانی نەسـتی سـوبێکتی هەڵنەوەشـاندۆتەوە]. بەڵام "مالیخۆلیـا" نەخۆشـییەکی نائاســایی و مەترســیدارە [جــۆرێکە لە عوســابی تونــد، ئەگەری گــۆرانی هەیە بــۆ دەروونپەشــێویی و نەمــانی پەیوەنــدی بەواقــیعەوە]، چــونکە مەیلــی خۆکوشــتن لەخۆدەگرێت. گەر سەرنجێکی وردتر بدەین، مالیخۆلیا بڕێک تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتی زیاتری هەیە کە لە ماتەم ـدا نیە.

(١) لە مالیخۆلیادا "ئۆبێکتی لەدەستچوو" ئاشکرا و ڕوون نیە بۆ سوبێکت و بینەر، هەتا گەر سوبێکت ئۆبێکتی لەدەستچوو بناسێت و ئاگایی هەبێت دەرهەق بە لەدەسـتدانەکە، ناتوانێـت ئەوە دیاریبکـات کە لە "ئـۆبێکتی لەدەسـتچوو"ـدا، چ شـتێک زۆر نـیگەران و بێزاری کردووە [بەدەربرینێکی تر سوبێکت نازانێت لە ئـۆبێکتی لەدەستچوودا، چەنـدە شتی لەدەستداوە و بەئاگا نیە لە بەهـای ئـۆبێکتە لەدەسـتچووەکە و لەوەی ئـۆبێکتەکە چەنـدێک واتــای ســەمپتۆمەکانی بــۆ دووریــوەتەوە و ڕیشــەی داکوتــاوە لە نەســتیدا [لەدەستدانەکە بۆ نەست زیاتر و تەمومژترە لەوەی دەردەکەوێت].

٢ ) لەمالیخۆلیادا، "لەدەستدانی ڕێزلەخۆگرتن" ڕوودەدات، ڕێزلەخۆگرتنی سوبێکت لە خۆی دەبێتە شتێکی بێنرخ و بێبایەخ. پەیوەست بەمە، وا دەردەکەوێت لەدەستدانەکە لەڕاستییدا پەیوەندیی هەیە بە ئیگۆی کەسی مالیخۆلییەوە [بەدەربرینێکی تر لە مالیخۆلیادا لەدەستدانەکە هەڵدەکشێت بۆ لەدەستدانی ئیگۆ، کە سەنتەری کۆنترۆڵ و ئاگاییە لەدەروونـدا، ڕێزلەخۆگرتن و جۆرێک لە خودئەڤینی لە مرۆڤ درووستدەکات، میکانیزمەکانی بەرگریی دەروونی ئەخاتە کار بۆ کەمبوونی گرژی و بەرپرسی مانەوەی مرۆڤە لەڕێگای درووستکردنی پەیوەندیی بە واقیعەوە].

٣ ) هەروەها لەمالیخۆلیادا، لەدەستدانی ئۆبێکتی خۆشەویستی، نەستەکی و نائاگایانەیە [واتە لەدەستدانەکە ڕوودەدات، دواتر سوبێکت هەستدەکات شتێکی گەورەتر و ناڕوونی لەدەستداوە، کاریگەرییە قووڵەکانی پێشبینی نەکراوە بۆی]، بەپێچەوانەی "ماتەم" کە پرۆسەیەکی ئاگایانەیە و ئاشکرا و ڕوونە [لە ماتەم، سوبێکت بەئاگایە بە لەدەستدانەکە و بڕی کاریگەریەکەی لەسەری، لێکەوتەکانی لەدەستدانەکەش پێشبینی کراوە، ئەمەش ئازارەکەی کەمدەکاتەوە].

لە مالیخۆلیادا هەندێ سەمپتۆمی جەستەیی دەردەکەون (دەرکەوتنی سەمپتۆمی جەستەیی نیشانەیە بۆ ئەو تراوما قووڵە دەروونی_وجودیەی سوبێکت کە بەرەنجامی شوێنەواری لەدەستدانی ئۆبێکتی خۆشەویستیە).

لەوانەش:

أ) بەدخۆراکی و بەدهەرسی.

ب) تێکچوونی خەو.

ئەم نیشانە(سەمپتۆم)ـە جەستەییانە پێویستی بە تێگەیشتن و وردبوونەوە هەیە لەقووڵایی دۆخی مالیخۆلیا [تێکڕای سەمپتۆمە جەستەییەکان دەرخەری ئەوەن کەسی مالیخۆلی ئارەزووی بۆ ژیان نەماوە، کاتێک ئیگۆ هەژاردەکەوێت، غەریزەی مانەوەی مرۆڤ لاوازدەبێت، خەو و خۆراک بەشە بایۆلۆژیەکەی غەریزەی مانەوەیە لە ئیگۆدا].

فرۆید ئەوە ڕوون دەکاتەوە، ئێش و ئازار و دژواریی پرۆسەکانی مالیخۆلیا و ماتەم، دەگەڕێتەوە بۆ چەقین[1]ـی سوبێکت لە خەرجکردنی لیبیدۆ[2] لەسەر ئۆبێکتی خۆشەویستی کە چیتر بەردەست نیە [سەرەڕای بەردەوام نەبوونی خەرجکردنی لیبیدۆ، سوبێکت ناتوانێت لیبیدۆ لەسەر ئۆبێکتی خۆشەویستی لەدەستچوو دابڕێت و

[1] Fixation: چەقین(دژە خاڵیبوونەوەی لیبیدۆ)، چەمێکێکی ئیکۆنۆمی دەزگا دەروونییەکەی فرۆیدە، بونیادی دەروونیشە لای فرۆید، چونکە هۆکاری ڕەخسانی چەپاندنە، بریتییە لە سەرفنەبوون و تێرنەبوونی لیبیدۆ لەسەر ئۆبێکت، کە هۆکاری مانەوەی لیبیدۆی سوبێکتە لەسەر ئۆبێکت، سەرەتا لە یەکێک لە پێنج قۆناغەکەی گەشەی سێکسی دەروونی ڕوودەدات، لە ماتەم و مالیخۆلیا ڕوودەدات ، لەماتەم زوو کۆتایی پێ دێت ، لەمالیخۆلیادا درێژەدەکێشێت.

[2] Cathexis: خەرجکردنی لیبیدۆ سەرف بوونی پاڵنەری لیبیدۆیە لەسەر ئۆبێکتێک (کەس یان ئایدیا یان شتێک)، گەر ئۆبێکتەکەش ڕاستەوخۆ بەردەست نەبێت بەشێوەیەکی خەیاڵی خەرجکردن بەردەوام دەبێت، بۆ نموونە، لەکاتی بەردەست نەبوونی خۆراک یان ئۆبێکتی سێکسی، فەنتازیا بە تێربوونی خواردن یان ئۆبێکتێکی سێکسی دەکات.

بیکێشـێتەوە[3]، بەردەوامنەبـوونی خەرجکردنـی لیبیـدۆ لەسـەر ئـۆبێکتی خۆشەویسـتیی لەدەستچوو، بەهۆی دابڕانی فیزیکی لەسەر ئۆبێکتی خۆشەویستیە یان بـایەخ پێـنەدان و ڕیسوابوونیەتی لەلایەن ئۆبێکتی خۆشەویستیەوە، کە هۆکارە تا لیبیدۆ حەز و خولیای بۆ ئۆبێکتی خۆشەویستی پێشـوو، بەردەوام نەبێـت [لەپـاڵ هەسـتی بەردەوامـی ئـارەزووو بە ئۆبێکتەوە، هەسـتی نەمـانی ئـارەزووو بـۆ ئـۆبێکتی لەدەسـتچوو درووسـتدەبێت، بەهـۆی ئایـدیاڵ ئیگـۆوە، چـونکە شـکۆ و خـودئەڤینیی ئیگـۆی کەسـی مـالیخۆلی شـکێنراوە و ڕیسـواکراوە لەلایەن ئـۆبێکتی لەدەسـتچوو]. بێڕێـزیبەخـۆکردن و خۆسەرزەنشـتکردنی سوبێکت لەلایەن ئۆبێکتی خۆشەویستیەوە، دەکرێت نویَ بێـت و لەپـاش ڕەتکـردنەوەی سوبێکتەوە بێت یان گەشەسەندنی هەستی پێشووی کەسی مالیخۆلی بێت [فرۆید دەڵێت لەکاتی عاشقبووندا، عاشق دەبێت جۆرە زەلیلبوونێک قبـووڵ بکـات کە لەسـەر حسـێبی خودئەڤینیەکەیەتی، چونکە مەعشوق هاتۆتە پەیوەندییەکەوە، بەپـێچەوانەی نارسیسـتەوە کە خۆی عاشـقی ئیگـۆی خـۆیەتی]. بەم ڕەخنەگـرتن و سەرزەنشـتکردنانە، کینەڤینـی[4] پێشوتر زیاد دەکات [واتە، لەهەمانکاتدا هەستی ڕق و خۆشەویستی دەرهەق بە ئـۆبێکتی خۆشەویسـتی درووسـتدەبێت، دەشـکرێت پـێش مالیخۆلیـاش کەسـی مـالیخۆلی ئەم دوو هەستییەی بۆ ئۆبێکتی خۆشەویستی هەبووبیَ].

نەمـانی حەز و خولیـا بـۆ ئـۆبێکتی خۆشەویسـتی لەدەسـتچوو و هەسـتی جۆشـوخرۆش، سۆزداری، هۆگریی کەسی مالیخۆلی بۆ ئۆبێکتی لەدەستچوو، دەبێـتە هـۆی دژیەکییەکـی

[3] عەلی ئەحمەد، بەرگی پێنج(نێگەتیف)، دەروونشیکاری تایبەت بە فرۆید، ل١٥٧.

[4] Ambivalence .

ناوەکی. ئێستا لیبیدۆ ڕووبەڕووی چەند هێزێکی دژیەک بووەتەوە لە نێوان لەدەستدانی حەز و خولیا بۆ ئۆبێکتی خۆشەویستی لەدەستچوو و "پاڵنەری لیبیدۆ"ی پێشوو کە ویستی مانەوەی هۆگری و پەیوەستی هەیە بە ئۆبێکتی خۆشەویستی لەدەستچوو ـەوە [واتە ئیگۆ کەرت بووە، بەشێکی نارسیستانە ئۆبێکتی عەشقی "ناوهاوێژ کردووە"[5] و هۆگرییەکەی دەهێڵێتەوە بەئۆبێکتی عەشق، بەشەکەی تری ئایدیاڵی ئیگۆیە، ڕەخنە و سەرزەنشتی سوبێکت دەکات تا دەستبەرداری ئۆبێکتی عەشق بێت[6]]. کاتێک پاڵنەری لیبیدۆیی زۆر بەهێز دەبێت، سوبێکت پەیوەستییەکەی درووستدەبێتەوە بە ئۆبێکتی خۆشەویستیی لەدەستچوو بەڵام لەواقیعدا نا، بەڵکو لە نواندنەوەیەکی وڕێنەیی و وەهمئاسادا. بەمەش سوبێکت دەبێتە دەروونپەشێو[7].

فرۆید سەرنجی دابوو، هەرچەندە سوبێکت خۆی تاوانباردەکات و بێڕێزی بە خۆی دەکات، دەکرێت کەسانی چواردەوری بەئاسانی دژایەتی بکەن و بڕوای پێنەهێنن، ئەم مامەڵەکردن و ڕەفتارەی کەسانی چواردەوری مالیخۆلی بێسوود و بێبەرهەمە لەڕووی

---

[5] Introjection: یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی، پرۆسەی وەرگرتن و ناوەکیکردنەوەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئۆبێکتێکی دەرەکییە بۆ ناو دەروون، وەک حەز و خولیا و باوەڕی دایک و باوک یان مەعشوق یان ئایدیاڵێک، یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکانی دروستبوونی سوپەرئیگۆ، هاوشوناسبوونیش دەرەخسێنێت.

[6]. هەمان سەرچاوە، ل١٥٩

[7] دەروونپەشێویی psychosis: شێتبوون یان نەمانی پەیوەندییە بە واقیعەوە.

کلینیکی و چارەسەری و گۆشەنیگای لێکـۆڵینەوە. ئەو گۆشـەنیگایەی کە تەندرووسـت و گونجاوە لەڕووی کلینیکی و زانستی و چارەسەرییەوە بریتییە لە تێگەیشتن لە سـوبێکتی مالیخۆلی و دۆخی سـایکۆلۆژی بەپێـی خـودی کەسـەکە و خۆتاوانبارکردنەکـانی. فرۆیـد سەرکێشی نواند لەگەڵ خەسڵەتە دژیەک دەرکەوتووەکانی دۆخی مـالیخۆلی. هەرچەنـدە سوبێکتی مالیخۆلی ئیگۆی بەبێ نرخ و نزم و چەپەڵ و پیشـاندەدات، بەڵام هەسـت بە شەرم ناکات لەمەڕ ئەوانیتر، بەپێچەوانەی کەسی ئاساییەوە کە هەست بەشەرم دەکـات لە حاڵەتی هەست کردن بەتاوان و پەشیمانی، هەروەها فرۆید لە کلینیکدا تایبەتمەندی و ڕەفتـارە دژیەکەکـانی کەسـی مـالیخۆلیی دۆزیـیەوە، کاتێـک وا دەردەکەوت کەسـی مالیخۆلی بەدوای هەلێک دەگەڕێت تا زیاتر کۆمەڵایەتی بێتەوە و زیاتر پەیوەندیی خۆی بەهێزبکات لەگەڵ چواردەوری و زیاتر خۆی پیشانی ئەوانی تر بدات [کەسی مالیخۆلیـا لە لایەک خۆی تاوانباردەکات و ڕێز لەخۆی ناگرێت، لەلایەکی تر زیاتر لەجـاران خـۆی پیشاندەدات و زیاتر کۆمەڵایەتیدەبێتەوە لەجیاتی ئەوەی کز و بێدەنگ بێت و هەسـت بە شەرم بکات]. ئەم نـاکۆکی و دژیەکیـانە بەشـێکی گرنـگ و زینـدوون لە دۆزینـەوە و تێگەیشـتن لە حـاڵەت و بـاری واقیعـی و میکانیزمەکـانی مالیخۆلیـا [هۆکـاری ئەم دوو هەسـتە دژیەکـیەی نێـوان خۆتاوانبـارکردن و بێڕێـزی کـردن بە ئیگـۆ لەگەڵ هەسـتی بێشەرمی دەرهەق بەوانیتر بریتییە لە دژایەتی نێـوان ئیگـۆ ئایـدیاڵ کە ڕەخـنەی ئیگـۆ دەکات و ئایدیاڵ ئیگۆ کەسی مالیخۆلی بەرەو خودئەڤینی دەبات کە بێشەرمی یەکێکە لە لێکەوتەکانی].

❋❋❋

## پاشكۆی وەرگێڕ

ئیگۆ ئایدیاڵ، ئایدیاڵ ئیگۆ:

دوو چەمكی گرنگی كارەكانی فرۆیدن، دووبەشی سەرەكی ئیگـۆن، پێكهێـنەری شوناسـی سـوبێكتن، بەهـۆی هاوشوناسـیی سـوبێكت لەگەڵ ئۆبێكتـدا دروسـت ئەبـن، هەردووكیـان بونیادی دەروونی مرۆڤن.

## ئایدیاڵ ئیگۆ (Idea Ego)

فۆرمێكە لە خودئەڤینی یەكەمین لە قۆناغی منالّی، واتە ئەو وێنا ئایـدیاڵەیە كە سـوبێكت لەسەر خـۆی هەیەتـی و ئەیگـوازێتەوە بـۆ ئەویتـر لەرێـی دەرهـاوێژییەوە و هاوشـوناس ئەبێت لەگەڵی (نەست، ئـانتۆنی ئیسـتۆپ، و: وەلیـد عـومەر). لای لاكـانیش لەقۆنـاغی ئاوێنەدا، مناڵ خۆی هاوشوناسدەكات لەگەڵ وێنەی ناو ئاوێنەكە كە ئـۆبێكتێكی تـایبەتە بـۆی و ئایـدیاڵ ئیگـۆی بـۆ درووسـتدەبێت كە دەبێـتە هـۆی درووسـتبوونی جۆرێـك لە یەكپارچەیی ئیگۆ. لە ئیگۆی ئایدیاڵ، سوبێكت گریمـانەی ئەوە دەكـات كە ئەویتـر بەو شێوەیە دەیبینن كە خۆی دەیەوێت.

## ئیگۆ ئایدیاڵ (Ego Ideal)

ئەو ئایدیاڵەیە وا سوبێکت ناوهاوێژی دەکاتەوە بۆ سەر خۆی [لەو خاڵە دەردەکەوێت کە سوبێکت خۆی لەو گۆشەنیگاوە دەبینێت کە ئەوانیتر بەو شێوەیە دەیبینن (نەست، ئانتۆنی ئیستۆپ، وەلید عومەر)]. ڕۆڵی بریکارێکی ڕەخنەیی ئەبینێت کە دادەوەری ئیگۆ ئەکات و ڕۆڵیشی هەیە لە چەپاندن و سانسۆری خەون و ئازاری ویژدان. ئیگۆ ئایدیاڵ دروستدەبێت کاتێک مناڵ بەهۆی کاریگەری پەروەردەی سزا و پاداشتی دایک و باوک، ناچارە دەستبەرداری خودئەڤینییە مناڵییەکەی ببێت و دایک و باوک بکاتە ئایدیاڵێک بۆ خۆی.

فرۆید لە شیکارییەکەی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو خۆتاوانبارکردن و خۆسەرزەنشتکردنانەی کە کەسی مالیخۆلی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. وا دیارە کە "سەرزەنشتکار"ی مالیخۆلی بریتییە لە بریکارێکی سەربەخۆی دەرەکی. ئەم بەشە سەربەخۆیەی ئیگۆ (ئایدیاڵ ئیگۆ)، کۆنترۆڵی ئیگۆ ئەکات و فەرمانی بەسەردا دەکات. ئیگۆی کۆنترۆڵکراو دووکەرت بووە بەهۆی "بەشە جیابووەکەی ئیگۆ" کە سەرزەنشت و سوکایەتی بە هاوتاکەی ئیگۆ ئەکات وەک ئیگۆیەکی بیانی و خراپ (ئیگۆئایدیاڵ، نارسیستانە ئۆبێکتی عەشقی لەدەستچووی ناوهاوێژ کردووە و هاوشوناس بووە لەگەڵی وەک میکانیزمێکی بەرگری تاوەکو دەستبەرداری نەبێت).

ئەم بریکارە سەربەخۆ جیابووەی ئیگۆ (ئیگۆ ئایدیاڵ)، بە بەردەوامی چاودێریی ئیگۆ دەکات و سانسۆری بڕیارەکانی ئەکات، پرۆسەی سانسۆرەکەش پێی دەوترێ ئاگایی

[ئیگـۆ ئایـدیاڵ تـێکەڵەیەکە لە تایبەتمەنـدیی سـوپەر ئیگۆ(سانسـۆر) و ئیگۆ(دیـوێکی ئاگامەندانە)].

ئەمەش هاوشێوەی حاڵەتی پاتۆلۆژیکی پارانۆیایە کە کەسی پارانۆیایی گوێی لە دەنگێـک دەبێت، ئەویتر پێی‌دەڵێت چ بکات (ئیگـۆ ئایـدیاڵ چەشـنی هێزێکـی نادیـار و تەمـومژ سەرزەنشتی ئایـدیاڵ ئیگـۆی مـالیخۆلی دەکـات، کە شـکۆ و بەهـای خـۆی دۆڕانـدووە، لەپێناو بەردەوامبوونی پەیوەنـدیی لەگەڵ ئـۆبێکتی عەشـقی لەدەسـتچوو). کەوایە ئیگـۆ دووکەرت بووە و هەر بەشە و دژایەتـی بەشـەکەی تـر ئەکـات، ئیگـۆ ئایـدیاڵ دژایەتـی ئایدیاڵ ئیگۆ دەکات.

فرۆید دەستیکرد بە تێرامانێکی ورد بۆ وەڵامـدانەوەی دژییەکـی نێـوان خۆتاوانبـارکردنی کەسی مالیخۆلی و بێ‌شەرمییەکەی بەرەو ڕووی چواردەورەکەی.

تێرامانەکەش ئەمە لەخۆدەگرێت:

بە سەرنجدان لە نـاوەڕۆکی خۆسەرزەنشـتکردن و خۆتاوانبـارکردن و خۆچەوساندنەوەی کەسی مالیخۆلی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، سوبێکت لەبـارەی خـۆیەوە قسـە ناکـات و ئامانجی سوکایەتی پێکردن و ڕسواکردنەکەی خۆی نیە، بەڵکو لەبارەی کەسێکی تر قسە دەکات، کەسێک کە خۆشیویستووە یان پێویستە خۆشـی بویسـتایە یـان ئەو کەسـەی کە دەبووایە خۆشبویسترایە، سوبێکتی مالیخۆلی پێیـوایە ئەم کەسـە "گریمـانەییە" شایسـتەی سەرزەنشـتکردنێکی زۆرە (لەم جۆرەیـان کەسـی مـالیخۆلی، دوای ئەوەی ئـۆبێکتە ئاسایەکە لەدەسـت ئەدات، پـێگەی ئـۆبێکتەکە بـاڵا ئەبێـت بـۆ ئـۆبێکتێکی هەسـتیار و

ئایـدیاڵێکی دەستپیانەگەیشتوو). "مـاتەم" دەسـت پـێ ئەکـات کاتێـک لیبیـدۆ ئۆبێکـت، ئـــۆبێکتی خەرجەوزە لەدەســـت ئەدات (خەرجکردنـــی وزە cathexis بەردەوام نابێت). بەڵام لە مالیخۆلیادا ئۆبێکتی خۆشەویستی لەدەست ئەچێت، کاتیـک سـوبێکت تووشـــی ڕیســـوابوون و سەرزەنشـــت و ڕەتکـــردنەوە ئەبێـــتەوە لەلایەن ئـــۆبێکتی خۆشەویستییەوە، لەکاتی لەدەستدانی ئۆبێکتەکە، لیبیدۆ ناتوانێت هیچ "ئۆبێکتێکی نـوێ" بخاتە جێی ئۆبێکتە لەدەستچووەکە.

(کەسـی مـالیخۆلی نەسـتەکیانە لەڕێـی درووسـتکردنی هۆکـار و بیانووهێنـانەوە بـۆ لەدەستدانەکە، دەیەوێت هۆکارە ڕاستەقینەکەی لەدەستدانەکە داپۆشێت یـان ***ڕیـاڵ***ی لەدەسـتدانەکە داپۆشـێت و بتوانێـت فەنتازیـای ئەوە بکـات کە هەلێکـی هەیە بـۆ بەدەستهێناوەی ئۆبێکتەکە. بەڵام بۆ حاڵەتی مردنی ئۆبێکتی لەدەستچوو، بـۆ مـانەوەی پەیوەنـدییە سـۆزداریەکەیە لەگەڵ ئـۆبێکتی لەدەسـتچوو و هەسـتکردن بە ئاسـوودەییە لەڕێـی خۆتاوانبـارکردن و خەمخـواردن بـۆی). لە مـاتەم، واتە حـاڵەتی ئاسـایی و تەندرووسـتدا، دوای مـاوەیەکی کەم ئـۆبێکتی نـوێ جێگـای ئـۆبێکتی خۆشەویسـتی لەدەسـتچوو دەگـرێتەوە؛ بەوەش مـاتەم کۆتـایی دێـت. بەڵام لە مالیخۆلیـادا، کەسـی مالیخۆلی ئۆبێکتی خۆشەویستی لەدەستچوو "ناوهاوێژدەکاتەوە"، لەڕێی هاوشوناسبوونەوە لەگەڵ ئیگۆ و هەموو کینەڤینێک دەرهەق بەئۆبێکتی لەدەستچوو، ئاراستەی ئەگۆڕێت بـۆ خودی ئیگـۆی کەسـی مـالیخۆلی. کەوایە بـۆ کەسـی مـالیخۆلی، ئیگـۆی خـۆی دەبێـتە ئۆبێکت، ئۆبێکتی کینە و ڕیسواکردن، چێژ لەڕیسوابوون و زەلیلبوونی وەرئەگرێـت. ئەمە دەمـــانگەیەنێتە ئەو دەرەنجـــامەی، کەســـی مـــالیخۆلی ئەو لیبیـــدۆیەی لە ئـــۆبێکتی

لەدەستچوو سەرفی‌نەکردووە، تەنیا لەڕێگای سەرفکردنی لەسەر ئیگۆی خۆی بەتاڵی‌دەکاتەوە، چونکە ئۆبێکتە لەدەستچووەکەی هاوشوناسکردووە لەگەڵ ئیگۆ، بۆیە سەرفکردنی کینە و ڕەخنەی دەرهەق بە ئیگۆ، لەڕاستییدا بۆ ئۆبێکتی لەدەستچووە (لەحاڵەتی ئاسایی، کاتێک مرۆڤ ناتوانێت لیبیدۆ لەسەر ئۆبێکت سەرفبکات، ئەوا لیبیدۆ، ئیگۆ ئەکاتە ئۆبێکتی خۆی بۆ سەرفکردنی وزەکەی، بەڵام لەمالیخۆلیادا، تەنیا بە هۆی ئۆبێکتی لەدەستچووە، لیبیدۆ ئاراستەکەی دەگۆڕێت. بۆ کەسی مالیخۆلی، ئۆبێکتی لەدەستچوو ژیان و مەرگی سوبێکتی پێوە بەندە). فرۆید "هاوشوناسبوونی مالیخۆلی" بەوە ڕوونکردەوە، کە "پاشەکشە"[8]ی سوبێکتە لە پەیوەندی سۆزداری و عەشقەوە لەگەڵ مەعشوق بۆ پەیوەستی و مامەڵەکردنێکی "نارسیستی" لەگەڵ ئۆبێکت/کەسی لەدەستچوو، ئوبێکتەکە هاوشێوەی تۆپەڵەیەکی پێکەوەنووساو، بووەتە بەشێک لە ئیگۆ و جیانابێتەوە لەئیگۆ. بەم شێوەیە ئیگۆ ئایدیاڵ "سادیستانە" و بێڕەحمانە، مامەڵە لەگەڵ ئیگۆ دەکات، هاوشێوەی ئۆبێکتی دەرەکی و بیانی، ئیگۆ ئەبێتە ئۆبێکتی کینە و قێزەون، پێدەچێت لەکۆتاییدا ببێتە هۆی خۆکوشتنی کەسی مالیخۆلی (خۆکوشتنی کەسی مالیخۆلی‌ش، نەستەکیانە جێگۆرکێی کوشتنی ئەویترە، چونکە مەعشوقی لەگەڵ خۆی هاوشووناسکردووە، ئەمەش زاڵبوونی پاڵنەری مەرگە بەسەر ئیرۆسدا).

---

[8] Regression: میکانیزمێکی بەرگری دەروونییە، کاتێک مرۆڤ ناتوانێ بەسەر کێشەکانی زاڵ بێت، پاشەکشە دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارە نارسیستانەی لە منداڵی کردوویەتی، هاوشێوەی ئەوەی کەسێک دەستبەرداری ئەرکەکەی ئەبێت و دەست لەبەرپرسیارێتی هەڵئەگرێت، کاتێک کێشەکان زۆری بۆ دێنن.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی: https://thinkingthoughtsdotorg.wordpress.com/